# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (ئەو ئێوارەیەی نەمردم)

# (٢)

ئێوارەی (١٩٨٩/٧/١)بوو، دوو رۆژ بوو، پەروەردگاری مـەزن (هونەرمەنـد)ی کوڕمی پـێ رەوا فەرمووبووین، ئـەو رۆژە لـە مـاڵ نەچووبوومـە دەرێ، تاریکـی کـرد و ئەلەکتریـك کوژابوویـەوە. کـش و بێدەنـگ و کـەس بە کوچـە و کۆڵانـەوە نەبوو، بۆ دووجار بەخێرایی لە دەرگا درا، هـەر چەنـدە ئێمە وەك بنەماڵە هەر لە باووباپیرانەوە ئامـۆژگاری کرابوویـن و بۆمـان مابوویـەوە، هـەر کـە تاریکـی کـرد پیاو دەرگا نەکاتەوە، واچاکتر منداڵێ یان ئافرەتێ دەرگا بکاتەوە، بەڵام هەر چەند لێدانی دەرگاکە کەمێك شپرزانە بوو، هەمیشەش بەر لە رووداوێك هەسـتم هۆشـیارم ئەکاتـەوە، بۆیـە بەر لـە دەرگاکردنەوە سـەیری ئەملاولای دەرگا سێ تاکییەکەی خۆمانم کـرد، ئـەو چەپەچاغـەی بـۆ کاتـی پێویسـت دامنابـوو، دیارنەبـوو، گوێـم پێنـەداو دەرگام خسـتە سەرپشت، روانیم دوو گەنجی تەمـەن نزیکی هەژدەو نۆزدە سـاڵانی شـەرواڵ و کـراس لەبـەری چڵکنـەی کەمێك ریـش هاتـووی رەنـگ هەڵپڕووسـکا و راسـت و چەپیـان لێگرتـم و هـەر یەکەیـان دەسـتی راسـتی ئاخنیبوویـە گیرفانـی شـەرواڵەکەیان، دیاربـوو لـە شـتێکیان تونـد کردبـوو، بـە گومـان و تێڕوانینـەوە سـەیرم کردن: فەرموون؟

: ئـەرێ کامە ماڵی شـێخ عەلییە؟

: ئەمەی دەسـت راستم شـێخ عەلییـەو ئـەوەی سـەری کۆڵانەکـەش هـەر شـێخ عەلییەو هەردووکیان سیسرینین، کامەیانتان ئەوێ؟

ئـەوەی دەسـتم چەپـم هەنـگاوێ چـووە دواوە و بەوەی کەی وت: خێرا پێوەی بنێ.

بـە رەنگـی زەردو دەسـتی لەرزۆکیـەوە، دەمانچەیەکی دەرهێنـاو نزیکـی کەللـەی سـەری کردمـەوە و نەچرکا. نەخێر ئەمجارەش بە پەلە رایکێشـاو فیشـەکی سـوارکرد، هەر نەتەقی.

ئـەوەی دەسـتە چەپـم پڕیدایـە گیرفانـی و ئەویـش دەمانچەکەی دەرهێنا. ئاراسـتەی کردم هەر نەتەقی، بۆ چەند جارێ هەوڵیداو هەر نەتەقی.

ئـەوەی لـەو کاتـەوە بەدەسـتمەوە هـات، تەنیـا دەنگـم، ئـەو دەنگـە شـانۆییەی سـاڵەها بـوو دڕی بـە هۆڵـی بینـەران ئـەدا، خسـتمە کار و نەڕانـم: ئـادەی فریاکـەون ئەم دوو خوێڕییە خوانەناسـەم بۆ بتۆپێنن. هەر ئەوەندەی دەنگدانـەوە ببیسـتیتەوە دەیـان دەرگا لەمبـەر و لەوبـەر، لەمسـەرو ئەوسـەر خرانە سـەر گازەرەی پشت و بە لێشاو رژانـە چەقـی کۆڵانەکـە و ئامـاژەی شـوێنی تێقوچانە حەیاچوونەکەیانـم بـۆ کـردن، ژن و پیاو و منداڵ کەوتنە دوویان، وابزانم ئەو دوو مرۆڤکوژە کونە مشـکیان لێببوو بە (تاقی کسـرا) و لە پشـت مزگەوتی (عەلی کەمال) ـەوە لەچاو ونبوون.

: کێ بوون، نەتناسین؟ چییان ئەویست؟ لەسەر چی؟

سـەرم ئەهێنـاو سـەرم ئەبـرد، خوایـە خراپـەم بـۆ کەس نەبووە، نە ماڵ، نە شەرفی خەڵکی! ئەوانە بۆ هاتبوونە سەرم بەقەستی کوشتن؟!

تومـەس دراوسـێکانم تەلەفۆنیـان بـۆ پۆلیـس کردبوو، مفەوزێك و چەند پۆلیسێ پەیدابوون، حاڵ و حیسابەکەم بۆ بەیانکردن و خوا خوام بوو کپکرێ و نەیێتە باسی شار و بنێشتەخۆشەی ناو دەمی ئەم و ئەو و هەزارشتی بەنە پاڵ و گەلێك حەقایەتی لەسەر بهۆننەوە.



# ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

ئـەو دراوسـێیانەم زۆربەیان خەڵكـی دەرەوە ببوون و بەر راگوێزی كەوتبوون و ماڵ و گوندەكانیان كاول و خاپوور كرابـوو، بۆیـە وەك كـوردە رەسـەنەكان دڵسـۆزییان نواند، دوایی وتیان:

ئامادەیـن لـە خزمەتـدا بیـن، ئێمە دراوسـێین و ئەركی سەرشانمانە پاسەوانیت لێبكەین..

سوپاسـی یەكە بە یەكەیانم كرد و ماڵئاواییم لێكردن و نزای خێرو پاداشت دانەوەی خوام بۆ كردن.

هاوسـەرەكەم حەزی نەكرد ئەو شـەوە لـە ماڵی خۆمان ببەینـە سـەر، منیـش دەڵێم نەشـكاندو چووینـە ماڵـی خوشـكم و ماڵـی (لـواء بەهادین عەلی رەشـە)، كە لەو دیومانەوە بوو.

ئەو شەوە هەتا رۆژ بوویەوە من لە غایلە و مەراقی ئەو رووداوەدا بووم، سـەرم لێی دەر نەئەكرد، ئیتر لێی گەڕام و دامنە دەست خوا.

چەنـد رۆژێ رابوردو هەواڵی برینداركردنی مامۆسـتا (كەریـم زەنـد)م بیسـت، پیاوێكـی كوردپـەروەرو دڵسـۆزە و شـارەزای مێـژووی كـوردو جوگرا فیـای كوردسـتانە، چوومە سەردانی، پرسیارم لێكرد:

مامۆستا گیان ئەمە چۆن بوو؟

: بەیانی بوو، لە دەرگایان دا، دووانی شـەرواڵ كراس لەبـەر راسـت و چەپیـان لێگرتم و دەسـتیان لە گیرفانی شەرواڵەكانیاندا بوو.

: ئەرێ مامۆستا مەزگەوتی حاجی حان لە كوێدایە؟

: هەر تۆزی سەركەون ئەوەتا لە دەستە راستانە؟

هـەر ئەمەنـدەم وتـوو، یەكێكیان بـەوی دیكەیانی وت، ئـادەی پێـوەی نـێ، ئیـدی تێیانتەقانـدو دیارنەمان، لەو فیشـەكانەی تەقاندیـان یەكێكیان بـەر دەموچاوم كەوت، بـەڵام خـوا رەحمـی كـرد كوشـندە نەبـوو، تیخـی كـرد و زامدارییەكـم جێـگای تـرس نەبـوو. گوایە لەبـەر ئەوەی (ئینجیل)ی كردووە بە كوردی.

لە دڵی خۆمدا وتم: بەخوا هەبێ و نەبێ ئەو دوو كافرە هەر ئەو دوو مشتەرییە خوا نەناسەی من بوون.

هەمیشـە لـەلای خۆمـەوە ئەچـووم سـەرو سـیمایان لەوانـە ئەچـوو كـە لە خوا تەولا بـوون و بەناوی ئایینەوە مرۆڤكوژی ئەكەن.

رۆژانی رابوردوو ساڵی (٩١) راپەڕینە مێژووییەكە بوو، پاش چەند ساڵێ، پاش ئەوەی شەڕ لە نێوانی (یەكێتی نیشـتمانی كوردسـتان) و (بزووتنـەوە) روویـدا، یەكێتـی شـكاندنی و دەسـتی بەسـەر بارەگاكانی سەركردایەتییان لە بێتواتە و سـەر ئەشـكەوتان گرت، گشـت بەڵگەكانی ئەو لایەنەی كەوتە دەسـت و هەندێكیانی لە رۆژنامەی (كوردسـتانی نـوێ) و سـەرجەم كەناڵەكانـی بینـراو و بیستراویدا بڵاوكردەوە، لە یەكێ لەو بڵاوكراوانەدا هاتبوو. كە ئەمیری سـلێمانییان واژووی لەسـەر كردبوو، كە ئەو ژمارە رۆشـنبیرەی شـاری سلێمانییان كوشـتووەو بریندار كـردووە، لەنـاو ئەوانەدا ناوی مـن هاتبوو، گوایە ئەهلی كوفـرم، بۆیـە هاتبـوون بمكـوژن، بـەڵام خوا نەیوسـتبوو بكوژرێم، چونكە لە دوو دەمانچە هیچیان نەتەقیبوون.

پاشـان هـەر لـەو رۆژانـەدا بوو، لـە دوتـۆی وتارێكی (بەڕێـز جەنابـی مـام جـەلال)دا كـە لەنـاو مزگەوتـی گەورەی سلێمانی دابووی، هاتبوو: باشە ئەبێ كوشتنی هونەرمەندێكـی وەك مامۆسـتا ئەحمـەد سـالار لـە پای چیدا بێ؟! لەبەر ئەوەی هونەرمەندە؟

بەهەر حاڵ مادامەكی خوا نەیكوشـتم، ئەوانەشـم هەر هەواڵـەی لای خـوای گـەورە كـرد، ئەگـەر مابـن ئـەوا بیانخاتە سەر رێگای چاكەو هیدایەتیان بدات.. ئامین

زۆر جـار مـەرگ رووبـەڕووم بۆتـەوە، بـەڵام خـوا پاراسـتوومی، دیـارە هەرگیـز دڵـی خـوام لـە خـۆم نەڕەنجانـدووە، خـوا چـاوی میهرو نەوای لـە خۆم و ئەو كـوڕە مەلۆتكـە تەمـەن دوو رۆژەمەوە بوو.. سـوپاس بۆ خوا، هەرگیز نەشمداوەتە رووی ئەو لایەنە و ناشیكەم.

**ئـەوەی لەو كاتـەوە بەدەسـتمەوە هـات، تەنیـا دەنگم، ئـەو دەنگە شـانۆییەی سـاڵەها بـوو دڕی بـە هۆڵـی بینـەران ئـەدا، خسـتمە كار و نەڕانـم: ئـادەی فریاكـەون ئـەم دوو خوێڕییـە خوانەناسـەم بـۆ بتۆپێنـن. هـەر ئەوەنـدەی دەنگدانـەوە ببیسـتیتەوە دەیـان دەرگا لەمبەر و لەوبەر، لەمسـەرو ئەوسـەر خرانە سەر گازەرەی پشت و بە لێشاو رژانە چەقی كۆڵانەكە و ئامـاژەی شـوێنی تێقوچانـە حەیاچوونەكەیانم بۆ كردن**



## کیم خۆی بۆ ڕۆڵی کلیۆپاترا ئامادە دەکات

خانمە ئەستێرەی تەلەفزیۆنی واقع و نمایشکاری ناسراوی ئەمریکی کیم کارداشیان ڕایگەیاند لە ئێستادا زۆر حەزدەکات ڕوو لە سینەما بکات و بە دوای دەقێکی سینەمایی باشدا دەگەڕێت کە کاریگەریی بەسەر جەماوەرەوە هەبێت، بەتایبەتی ڕۆڵی کەسایەتییە مێژووییەکان بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵێکی گرنگی تێدا بگێڕێت.
لەم بارەیەوە کارداشیان ڕایگەیاند کە لە دڵەوە هیواخوازە بتوانێت ڕۆڵی شاژنی میسری کلیۆپاترا، یان هەر شاژنێکی دیکەی فیرعەونییەکان ببینێت بە مەرجێك ڕۆڵێکی دەگمەن و ناوازە بێت لە ڕووی دەق و دەرهێنانەوە لە ئاستێکی بەرزدا بێت و بەشێوەیەك پێشکەشی بکات کە زۆر دوور بێت لەو شێوازەی کە پێی ناسراوە لەلایەن جەماوەر .
کارداشیانی تەمەن ٣٥ ساڵ لە میانەی ئاهەنگ نمایش کردنی تایبەتی فیلمی (The Promise ) دووپاتی کردەوە ڕایگەیاند: ئەو لۆکە نوێیەی کە بەم دواییە پێی دەرکەوتووە و جیاوازە بەتایبەتی کە قژی کورت کردۆتەوە وایکردووە کە زۆر کەس بەراوردی بکەن لەگەڵ شاژنە فیرعەونییەکان، بەڵام من دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە زۆر حەز لە بینینی ڕۆڵی کلیۆپاترای شاژنی فیرعەونییەکان دەکەم و ئەمە خەونی منداڵیم بووە، بەتایبەتی دوای بینینی ئەو فیلە ئەلیزابێس تایلۆر و ریتچارد بیرتۆن پێشکەشیان کرد.



## کرێی ڕیکلامی نەسلیهان خەیاڵییە



دوای ئەو سەرکەوتنە زۆرەی کە خانمە ئەکتەری تورك نەسلیهان ئەتاگۆل لە زنجیرە درامای (خۆشەویستی کوێرانە) بەدەستی هێنا، زۆر لە مارکە تورکی و جیهانییەکانی جلوبەرگ لە هەوڵی ئەوەدان سوود لەو ناوبانگە وەربگرن و بیکەن بە فەیسی کاڵاکانیان.
بەم دواییە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی جلوبەرگی وەرزشی گرێبەستێکی لەگەڵ نەسلیهان واژۆ کرد بۆ ئەوەی لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی کۆمپانیاکە بەشدار بێت لە بەرامبەر یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار لیرەی تورکی، ئەمەش دووەم هەڵمەتی پڕوپاگەندەیە کە نەسلیهان بەشداریی تێدا دەکات، چونکە پێشتر لە هەڵمەتێکی کۆمپانیایەکی دیکە بڕی گرێبەستەکەی یەك ملیۆن لیرەی تورکی بووە، ئەمەش وایکرد کە نەسلیهان هەر لە سەرەتای ژیانی هونەریی خۆی بتوانێت سەروەت و سامانێکی زۆر کۆبکاتەوە و ئەگەر بەم شێوەیە لە سەرکەوتنی کارەکانی بەردەوام بێت، ئەوا لە کاتێکی زوودا دەبێتە یەکێك لە دەوڵەمەندترین هونەرمەندانی تورکیا.
زنجیرە درامای (خۆشەویستی کوێرانە) کە ئێستا بەشی دووەمی نمایش دەکرێ هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەرکەوتنی نەسلیهان و هەر لە ئێستاوە بەرهەمهێنەرانی بواری سینەما لە هەوڵی ئەوەدان لە کارەکانی داهاتوویاندا ڕۆڵی سەرەکی بە نەسلیهان بدەن.

# میریام تەنیا لە ئاهەنگی تایبەت گۆرانی دەڵێ



لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی میریام فارس ئاشکرای کرد کە بڕیاری داوە چیتر لە ئاهەنگی ئاسایی گۆرانی نەڵێت و تەنیا لە ئاهەنگی کەسایەتییە سیاسی و گەورە بەرپرسانی وڵاتان بەشداری بکات، ئەمەش یەکەم جارە میریام بەو شێوە و بە راشکاوانە ئەو بابەتە بخاتەڕوو.

میریام لەم بارەوە دووپاتی کردەوە کە لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی رێککەوتوون کرێی بەشداریکردنی لە ئاهەنگەکان دووهێندە زیادبکات، چونکە بە هۆی ئەوەی کرێیەکەی کەم بوو، ناچار بوو لە هەفتەیەکدا زیاتر لە چوار ئاهەنگ ساز بکات و زۆر جار شوێنەکانیشیان لە یەکتری دوور بوون.

خانمە گۆرانیبێژە لوبنانییەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە ئێستادا تەنیا خانەوادە زۆر دەوڵەمەندەکان دەتوانن بۆ ئاهەنگە تایبەتییەکان گرێبەستی لەگەڵ بکەن بە هۆی زۆری کرێیەکەی، بۆیە ئەویش تەنیا بۆ کەسانی زۆر دەوڵەمەند ئاهەنگ ساز دەکات و هەرچەندە ژمارەی ئاهەنگەکانی کەم بۆتەوە، بەڵام کرێی زۆر زیادی کردووە، ئەمەش لە زۆر رووەوە سوودی پێی گەیاندووە.

هەرچەندە زۆر کەس دەستخۆشییان لە میریام کرد بۆ ئەو راستگۆییەی، بەڵام رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆریش بۆوە.

## ئەحلام حەجی:

# سەردانی ئەو جارەم بۆ کوردستان جیاوازبوو



**• با لەو سەردانەی ئەم جارەت دەست پێبکەین، ئەم جارە چی تۆی هێنایەوە بۆ کوردستان؟**

- سەردانی ئەم جارەشم لە ڕێگای دەزگای سەوسەنی جیهانی بوو، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوە بوو کە لەم سەردانەدا وەك چالاکێکی بواری منداڵان ڕێزم لێگیرا لە بەرامبەر ئەو کارانەی کە ئەنجامم داون، ئەمەش بۆ من شانازییەکی گەورەیە یارمەتیدانی ئاوارەکان بەتایبەتی منداڵەکانیان زۆر دڵخۆشم دەکات، ئەو خۆشەویستییە بووە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوێکی تایبەت بە یارمەتیدانی منداڵان دابمەزرێنم، سوپاس بۆ خوا سەردانی کەمپی هەرشەمم کرد لە هەولێر و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی ئاوارەکان بووم و بەپێی توانای خۆم هاوکاری ئاوارەکان و منداڵەکانم کرد و سەردانی دایەنگە و قوتابخانەیەکی سەرەتاییشم کرد، نیگەران بووم بە ڕەوشی ئاوارەکان و خۆشحاڵیش بووم کە توانیم زەردەخەنەیەك بخەمە سەر لێوی ئەم منداڵە ئاوارانەی کە ئێستا لە کوردستان نیشتەجێ بوون و لە ترسی شەڕێك کە هیچ پەیوەندیی بە ئەوانەوە نییە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و ئاوارە بوون.

**• لە نێوان ئەم دوو سەردانە هەستت بە هیچ گۆڕانکارییەك کرد؟**

- لەبەر ئەوەی ماوەی نێوان دوو سەردانەکەم زۆر نەبوو بۆیە گۆڕانکارییەکی بەرچاوم نەدیت، بەڵام ئەوەی تێبنییم کرد ئەوەیە کە میللەتی کورد سەرەڕای شەڕ و ناهەمواری باری ژیانی میللەتێکە حەز لە ژیان دەکات، میللەتێکی مرۆڤدۆستە و لە کاتی پێویستدا دەستی یارمەتی بۆ هەر کەسێك درێژ دەکات کە پێویستی پێی هەبێت باشترین نموونەش ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەر و ئاوارەیە کە باوەشی بۆ کردوونەتەوە، بەراستی کارێکی

شایستەی دەستخۆشی لێکردنە. هەروەها سوپاسی دەزگای خێرخوازی بارزانی دەکەم بۆ هاوکاریەکانیان.

**• لە تەمەنی منداڵیدا کچێکی چۆن بووی؟**

- دایکم زۆر جار پێم دەڵێت تۆ کچێکی شەڕاوی بووی و هەمیشە حەزت لە شەڕ بووە لەگەڵ منداڵان، بەڵام ئەو کاتیش غەدرت لە منداڵان نەدەکرد و بەبێ هۆکار لە کەست نەداوە.

**• هیچ کاتێك بیرت لەوە کردۆتەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببیت بە شاجوان؟**

- نەخێر، بە ڕێکەوت هاتمە نێو ئەو بوارە، جارێکیان لە نمایشێکی جلوبەرگ ئامادە بووم، یەکێك لە دیزاینەرەکان پێی گوتم: ئەحلام بۆچی تێستێك ناکەیت؟ ئیدی لەو کاتەوە دەرگاکان بۆ من کرانەوە و بەردەوام تاکو ئێستا.

**• مەرجەکانی شاجوان چین؟**

- شاجوان مەرجی زۆری هەیە، زۆر کەس پێیانوایە ئەوەی شاجوان بێت پێویستە روخساری جوان بێت، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە جوانی رووخسار تاکە مەرج نییە بۆ ئەو کەسەی کە بە شاجوان هەڵدەبژێردرێت، بەڵکو پێویستە خاوەن رۆشنبیرییەکی باش بێت و زانیاری زۆری هەبێت، لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە کە پەیامێکی هەبێت لە ژیاندا و لە میانیدا پرۆژەیەکی دیاریکراو پێشکەش بکات جا لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت.

**• زۆر لە شاجوانەکان دوای دەرچوونیان روو لە بواری نواندن یان گۆرانی وتن دەکەن تۆ بیرت لەو بوارانە نەکردۆتەوە؟**

- من ئێستا میدیاکار و پێشکەشکاری بەرنامەیەکی تایبەتم سەبارەت بە فاشیون و جوانکاری لە کەناڵێکی عەرەبی و بڕیارە لە داهاتوودا بەرنامەیەکی دیکەش پێشکەش بکەم، بۆیە رووم لە گۆرانی وتن و نواندن نەکردۆتەوە و تەواوی گرنگی و کاتی خۆی بۆ میدیا تەرخان کردووە، بەڵام کەس نازانێ لە داهاتوودا چی رووەدات دوور نییە گۆرانی و مۆسیقا و سینەما هەڵبژێرم.

**• هیچ کۆمپانیایەك داوای نەکردووە لە کارێکی هونەری نواندندا بەشداری بکەی؟**

- بە دڵنیاییەوە چەند بەرهەمهێنەر و کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەری داوایان لێکردووم بۆ ئەوەی لە زنجیرە دراما و فیلمەکانیا بەشداری بکەم، بەڵام ئێستا تەنیا حەز دەکەم گرنگی زیاتر بە کاری میدیایی بدەم و پرۆژەکانی نواندن و گۆرانی کاتم بۆیان تەرخان نەکردووە هەرچەندە لەگەڵ یەکێك لە ئاوازدانەرە بەناوبانگەکانی مەغریب خەریکی سەرقاڵی نووسین و ئامادە کردنی تێکست و ئاوازێکی نوێیە، بەڵام لە ئێستادا ئەگەر گۆرانیش بڵێم ئەوا تەنیا وەکو حەزێکە و وەك پیشە سەیری ناکەم.

**• چ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ ئافرەتان تاکو گرنگی زیاتر بە جوانی خۆیان بدەن؟**

- جوانی رووخسار یەکێکە بەشی هەرە سەرەکیی جوانی ئافرەتە و پێویستە گرنگییەکی زۆری پێ بدات ئەمەش بە چەند هەنگاوێك دەکرێت گرنگترینیان جۆر و شێوەی خواردن و ئەنجامدانی وەرزشە بەشێوەیەکی رێکوپێك و بە بەرنامە، چونکە ئەمە بۆ جوانی بۆ تەندروستی مرۆڤیش پێویست و گرنگە.

**• تۆ دژی ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاریی؟**

- من لەگەڵ ئەوەم کە ئافرەت بە سروشتی خۆی چۆنە ئاوا جوانترە، بەڵام دژی ئەوە نیم ئافرەت نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام بدات بەتایبەت ئەگەر پێویست کاتێك تووشی رووداوێك دەبێتەوە یان ئەنجامدانی پێویست بێت، بەڵام دژی ئەوەم بەبێ هۆ نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام بدرێت.

**• لەگەڵ وەرزش چۆنی؟**

- من بەردەوام وەرزش ئەنجام دەدەم بۆ پاراستنی کێشی لەشی خۆم و تەندروستیم، هەروەها بەگوێرەی هەبوونی کات سەیری یاری تۆپی پێ دەکەم، چونکە لە خانەوادەکەی من دوو یاریزانی هەڵبژاردەی مەغریب هەبووە یەکیان مستەفا حەجی بوو کە وازی لە یاریکردن هێناوە لەگەڵ یوسف حەجی کە ئێستاش بەردەوامە و یەکێکە لە یاریزانە باشەکان.

**ساڵی پار ئەحلام حەجیی بە رەچەڵەك مەغریبی و نیشتەجێی وڵاتی فەرەنسا، سەردانی کوردستانی کرد، وەك شاجوانی پێشووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میدیاکار و خاوەنی رێکخراوێکی تایبەت بە یارمەتیدانی منداڵە بێسەرپەرشتەکان، بەڵام لە سەردانی ئەم ساڵیدا لەلایەن رێکخراوی (سەوسەنی جیهانی) بۆ جوانکاری لە بەرامبەر ئەو کارە خێرخوازییانەی ئەنجامیداون، رێزی لێگیرا لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی هونەری و شاعیری کورد و عێراقی، هاوکات سەردانی کەمپی ئاوارەکانی کردو هاوکارییەکی پێشکەش کردن لە میانەی کارە خێرخوازییەکانی کە لە چەندین وڵاتی جیهانی ئەنجامیداون، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئەحلام حەجی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**